# ئەمە هەڵبژاردنێکی راستەقینەیە

***دەربارەی خرۆشانی جەماوەریی لە کوردستان***

***رێبوار ئەحمەد***

8 مانگ لەمەوپیش هەروەکو 15 سالی رابردوو، جاریکی تر حیزبە ناسیونالیستە عەشیرەتیەکانی کوردستان، سیناریۆیەکی گالتەجارانەیان بەرپاکرد، بە مەبەستی سەندنی پەنجەمۆری خەلك بۆ دەسەلاتی میلیشیایی خۆیان‌و ناویان نا هەڵبژاردن. ئەو بەناو هەڵبژاردنە بە پیش چاوی خەلکەوە، بە زەبری هەرەشەو چاوسورکردنەوە، بە فریوکاری‌و هەلرشتنی وەعدەو بەلینی زۆرو زەبەن بەریوەچوو، جاریك بە پارانەوەو جاریکی تر بە بزواندنی هەستی خەلك بەرامبەر ئازیزانی بە قوربانی کراویان دەرخواردی بەشێك لە خەلك درا، سەرئەنجامیش بە سەدویەك ساختەو فڕوفێل، هەموو کارتەکانی دەنگدانیان بۆ خۆیان پڕکردەوە. ئەو هەڵبژاردنە سەرتاپای ساختەو تەزویر بوو.

بەلام تەنها لەم مانگەدا، جەماوەری خەلکی کوردستان، لە چەندین شارو شارۆچکەی کوردستاندا، بە نیشاندانی نارەزایەتی گەورەی خۆیان، بە شیعارو دروشمەکانیان، بە دەستەویەخەبونیان لەگەل دەسەلاتدارانی تالانچی، هەڵبژاردنی واقعیی خۆیان کرد. ئەمجارە دوور لە ساختەو فڕوفێل، بە دەنگی بەرزو بە رێزی فراوان بە شیعاری سەر ڕاست، رایانگەیاند چیتر تەحەمولی ئەم دەسەلاتە گەندەل‌و تالانچیە ناکەن کە سەرەتاییترین خواستەکانی خەلکی پێشێلکردوە، لە بەرامبەریشدا ئەم حیزبانە نیشانیاندایەوە، کە ئەوان بە گالتەجاری هەڵبژاردن بێت یان بە زەبری چەك، بە فریوکاری بێت یان بە سەرەنیزە، دەیانەوێ دەسەلاتی خۆیان بەسەر خەلکدا داسەپێنن.

ئیستا ئیتر خرۆشان‌و هاتنەمەیدانی جەماوەری زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتوەتەوە، لە هەموو جیگاکانی دیکەش نارەزایەتی خەلك قولپ دەدات‌و لەسەر لێواری تەقینەوەیە. حیزبە دەسەلاتدارەکان بە هەموو توانا پەلەقاژە دەکەن بۆ خنکاندنی ئەم دەنگە. بەلام سەرکوت‌و داپلۆسینیش دادیان نادات. سەرئەنجام ئەمە چارەنوسی ئەو دەسەلاتە عەشیرەتی‌و دواکەوتوانەیەی ناسیونالیزمی کوردبوو، کە وەکو "دەسەلاتی خۆیی‌و بەرهەمی خەباتی جەماوەری" دەرخواردی خەلك درا. دەسەلاتی بەعس 35 سال دەوامی هیناو دەسەلاتی میلیشیای کوردایەتی لە 15 ساڵیدا باری بە تەواوی کەوتووەتە لێژی. ئیستا ئەم دەسەلاتە بە زەبری سەرکوت‌و زیندانی‌و چەکی ئاسایش‌و پیشمەرگە لاشەی خۆی رادەکێشێت. ئەمە واقعیەتیکی ئاشکراو بەرچاوە، جگە لەمە هەرقسەیەکی تر لە بارەی پەیوەندی خەلك‌و دەسەلاتەوە دەوترێت لە کوردستاندا، چەواشەو فریوکاریە. ئەم دەسەلاتە بە تەقەکردن لە خەلکی چەندین شار، بەراپێچکردنی بە لێشاوی خەلك بۆ زیندان، پیش هەموو شتیك، خۆی هەر جۆرە مەشروعیەتێکی لە خۆی سەندوەتەوە.

***ئیوە دەبی برۆن، نۆرەی خەڵکە***

بە دوای خۆپیشاندانی خەلکی چەمچەماڵ‌و شۆڕشدا، رۆژی 11ی ئاب مسعود بارزانی لە کاتیکدا دووان لە رابەرانی ئەصلی یەکیتی نیشتمانیشی خستبوە پشتی خۆی، لە شاری هەولێر، لەگەل نزیکە 150 کەس بە ناوی نوینەرانی خەلکی چەمچەمال‌و سەنگاو کۆبوەوە، کە لەلایەن مەلبەندی یەکیتی‌و لقی پارتیەوە برابون بۆ ئەم کۆبونەوەیە. سەیر لەوەیە خەلکی لە دژی دەسەلاتی یەکتی‌و پارتی خۆپیشاندانیان کردوە، کەچی دیسان یەکیتی‌و پارتی هەر خۆیان نوینەر بۆ خەلك دیاری دەکەن، بۆ ئەوەی بە نوینەرایەتی خەلك چەپلەیان بۆ لیدەن. نوینەرانینك کە کەس نازانی چۆن‌و لە کوێ‌و لەلایەن کام خەلکەوە دیاریکراون یان هەلبژیردراون. ئەمە پیش هەر شتیك ناوەرۆکی مەنتقی ئەم حیزبانە سەبارەت بە (نوینەران‌و نوینەرایەتی خەلك) روون

دەکاتەوە. بەلام لە واقعدا لە کاتی ئەم کۆبونەوەیەی مسعود بارزانی لەگەل ئەو 150 کەسە، نوینەرانی واقعیو رابەرانی خۆپیشاندانەکانی خەلك، لە زیندانەکانی ئاسایش توندکرابوون. خودی ئەم سیناریۆی نوینەر دیاریکردنە بۆ خەلك، هەر لە سەرەتاوە تۆزقالیك بایەخ بۆ قسەو بەلینەکانی مسعود بارزانی ناهیلیتەوە.

بارزانی لەو کۆبونەوەیەدا بەو کۆمەلە کەسەی ووت "ئەگەر خەلکی کوردستان ئیمەی ناوی با پیمان بلیت برۆین، ئەگەر وامان پی بلێن خۆمان دەرۆین"!... هەلومەرج بە جیگایەك گەیشتووە کە ئیتر مەغروریو خۆبادانو فەزلفرۆشی کەلکی نەماوە، ئیتر نۆرەی کەساسیو کوڕوزانەوەیە. بەلام ئەگەر جەنابی بارزانی بە راستی بە دوای وەلامی ئەم پرسیارەدا دەگەڕێ، ئەوە خەلکی کوردستان بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن کە دەسەلاتی ئەوانیان ناوێ. خۆ ئەگەر تۆزیك جلەوی سەرکوت شلبکەن، دەبینن سەراسەری کوردستان بۆ (نا) ووتن بە دەسەلاتی ئەوان دەڕژێنە شەقامەکانەوە.

مسعود بارزانی دەیەوێ چاوی خۆی لە ئاست ئەوە بنوقینێ کە هەر ئیستا سەدان کەس لە رابەرانو هەلسوراوانی بزووتنەوەی (نا) ووتن بۆ دەسەلاتو تالانو برۆی ئەوان لە زیندانەکانی سلیمانی ئاخینراون، هەر دەلێی سالی 1982 دووبارە بوەتەوە. دەسەلاتیك گەیشت بەوەی بەم لیشاوە خەلکی ئازادیخوازو شەرافەتمەند راپیچی زیندان بکاتو تەقە لە دانیشتوانی زۆریك لە شارەکانی ژێردەسەلاتی خۆی بکات، ئیتر بواری ئەوەی نەماوە بە خەلك بلی "ئەگەر ئیمەتان ناوی، بلێن با برۆین". ئیوە دەبی برۆن، ئەمە حوکمی جەماوەری خەلکی کوردستانە، بە ئارەزووی خۆتان نیە خەلك هاتونەمەیدانو بەڕێتان دەکەن.

بارزانی لە کاتیکدا کە سور دەزانێ خەلك لە دژی دەسەلاتی گەندەلی ئەوان هاتووەتە مەیدان، تازە مەوعیزەی خەلك دەکاتو بە وەکالەتی خەلك دەلی هیچ لە نیوان ئیمەو ئیوە نیە، ئیمە یەکینو ریگامەدەن نارەزایەتیەکانتان بخریتە خانەی دژایەتی ئیمەوە. بەلام جەنابی بارزانی ناتوانی بەم رستانە خەلك لە خشتەبەریت، ئەوەی ئیستا لە کوردستان نمایش دەکریت، ریكو راست بەرامبەرکێی خەلكو دەسەلاتی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردە. ئەم دەسەلاتە بە هەموو بارو مانایەکدا ئیمتحانی خۆیداو هیچ سازگاریەکی لەگەل ویستو خواستو ئامانجەکانی خەلکدا پەیدا نەکرد. مەگەر ئەوە کام دەسەلاتە کە ئاوو کارەباو سوتەمەنیو بواری گوزەرانی لە خەلك بڕێوە؟ تا کەی دەتانەوێ خۆتان لە پشتی دوژمنانیکی وەهمیو داتاشراوەوە حەشار بدەن؟ تا کەی دەتانەوێ خەلك بەوە قایل بکەن کە گوایە "هەر کیشەیەك لە کوردستان هەیە خەتای دەستیکەو لە عیراقیش خەتای تیرۆریستانە"؟!

سەرجەم سەرانی ئەم حیزبانە بە ناکارامەیی خۆیان، بەردەوام هەر ئەو قەوانە دووپات دەکەنەوە کە ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە دەستیکی لە پشتەوەیە، بەم بەهانە پوچە دەیانەوێ حەقانیەتی ئەم بزووتنەوە جەماوەریە فراوانە رەتبکەنەوەو پاساو بۆ سەرکوتکردنی بهێننەوە. ئیمە وەکو حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری بەوپەری شانازیەوە رادەگەیەنین کە نەك لە پشت بەلکو لە ریزی پیشەوەی ئەم بزووتنەوەیەدا راوەستاوینو بە هەموو توانا بۆ پەرەپیدانو سەرخستنی تیدەکۆشین. ئەم دەستەی کە ئیوە باسی دەکەن دەبی چەندە دریژبیت کە بگاتە ئەم هەموو شارو شارۆچکەیە، ئەمە ئیتر دەست نیە، ئەمە هیزو رەوەندیکی تازەیە، دەیەوێ واقعی سیاسی کۆمەلگا هەلگیریتەوەو لەسەر بناغەیەکی دروست بە قازانجی خەلك بنیاتیبنێتەوە.

## هەم خەتای حکومەتی هەریمو هەم خەتای حکومەتی مەرکەزیە

جەلال تالەبانی کە بە نیگەرانیو شپرزەییەوە خۆی گەیاندە کوردستان بۆ ئەوەی بتوانی ئاویك بکات بە گلۆپەی نارەزایەتی جەماوەریدا. رایگەیاند کە "خەلك حەقیانە نارەزایەتی دەربرنو خۆپیشاندان بکەن، بەلام ئەم وەزعە نە خەتای حکومەتی هەریمەو نە خەتای حکومەتی ناوەندیە، خەتای تیرۆریستەکانە"، هەلبەت مسعود بارزانی وەکو تالەبانی ناچار نەبوو، گەردنی حکومەتی ناوەندیش ئازاد بکات، ئەو تەنیا لە ئەستۆی بوو کە حکومەتی هەریم بێ خەتا بکات. تیرۆریستەکانی ئەمرۆ بۆ بارزانیو تالەبانی ئەو دەورە دەگێڕن کە صدامی لەدەستچوو لە سالی 1992ەوە تا 9ی نیسانی 2003 گێڕای. ئەوکات دەیانووت

هەرچی نەگبەتی خەلك هەیە، خەتای صدامە، ئیستای دەلێن هەرچی نەگبەتی خەلکە خەتای تیرۆریستەکانە. ئیتر ئاخۆ دەوری ئەم جەنابانە چی بیت کە جۆرەها ڕوتبەیان بۆ خۆیان داناوەو جۆرەها دامو دەزگای بە روالەت زلیان دامەزراندوە؟

هەندیك جار کیشەکە دەگیرنەوە بۆ ئەوەی کە حکومەتی ناوەندی دەبوو بودجەیەك بدات بە حکومەتی هەریم بەلام نەیداوە، گوایە زۆریك لە خزمەتگوزاریەکان لیرەوە گرفتی بۆ پێشهاتووە. گریمان ئەمە راستە. کەوایە کوا ئەو هەموو فڕوفیشالەی کە سەبارەت بە سودو کەلکی گرێدانەوەی فیدرالیانەی کوردستان بە حکومەتی ناوەندیەوە بۆ فریودانی خەلك هەلدەرێژرا؟ ئایا ئەمە بەلگەی رۆشنی ئەوە نیە کە ناوەرۆکی تەرحو سیاسەتی یەکێتیو پارتی ئەوەیە دیسان بە شیوەیەکی تر چارەنوسی نادیارو هەلواسراوی کوردستان درێژە پێبدەن؟ گریمان پاساوەکانی رابەرانی ناسیونالیزمی کورد راست بیت، کەوایە لە چوارچیوەی ئەو پەیوەندیە فیدرالیەی نیوان کوردستانو حکومەتی ناوەندیدا، چارەی خەلکی کوردستان چیەو دەبی چی بکەن بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریو پیداویستیەکانی ژیانی رۆژانەیان بۆ دابین بیت؟ خودی ئەمە بەلگەی رۆشنی ئەوەیە کە چ ناکۆکیەکی گەورە لە نیوان بەرژەوەندی خەلكو بەرژەوەندی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد هەیە، چ ناکۆکیەکی گەورە لە نیوان فیدرالیزمی ئەم حیزبانەو خواستی جیابونەوەی کوردستان هەیە. ئەمە بەلگەیەکە بۆ تیهەلدان لە فیدرالیزمو هاتنەمەیدان بۆ جیابونەوەی کوردستانو بەرپاکردنی حکومەتیکی سەربەخۆ.

بەلام جەلال تالەبانی ناتوانی بەم رستە درەخشانە گەردنی دوو حکومەت لە دابینکردنی ئاوو کارەباو سوتەمەنی بۆ خەلك ئازاد بکات. ئەمانە بۆ سەرکوتی نارەزایەتی جەماوەری، بۆ تەقەکردن لە خەلكو لە خوێنهەلکیشانی نارەزایەتیەکانیان، بۆ راپێچکردنی بە لیشاوی رابەرانو هەلسوراوانی ئەم نارەزایەتیانە، هەتا بلێی حکومەتو دەسەلاتدارو خاوەن صلاحیەتن، بەلام هەر کە گەیشت بە وەلامدانەوەی سەرەتاییترین خواستی خەلك ئیتر خۆیان دەکەن بە مەری مردوو. بۆ گیانی خەلك هەتا بلێی پۆلیسو ئاسایشو پیشمەرگەیان هەیە، بەلام بەرامبەر ئەو تیرۆریستانەی کە گوایە بە قسەی تالەبانی لە پشتی نەبونی سوتەمەنیو ئاوو کارەباوە راوەستاون، داماوو بێدەسەڵاتن.

تازە خەلك ئەو دەورانەی تێپەڕاندوە کە بەم قسە بێڕەونەقانە تورەیی دامرکێتەوە، مەسەلەکە لەبەرچاوی خەلك زۆر لەوە رۆشنترو ئاشکراترە کە بکریت بە کیشەی بودجە لە نیوان حکومەتی هەریمو حکومەتی مەرکەزی، یان بە خەتای تیرۆریستەکان پاساوبدریت. پرسیار ئەوەیە بۆچی بۆ گەندەلیو تالانو برۆی بێ سنوری بەرپرسانی هەردوو حیزبی حاکم هەتا بلێی بودجە هەیە، بۆ بەرزکردنەوە کۆشكو تەلاری شاهانەی خۆتانو دەستو پیوەندەکانتان هەتا بلێی بودجە هەیە، بۆ دەزگا حیزبیەکانتانو بۆ لەشکری گەورەی پولسو ئاسایشو پیشمەرگەتان هەتا بلێی بودجە هەیە، بۆ مالو بارەگاو دیوەخانو چراخانو کۆشکەکانی خۆتانو تەنانەت تەلاری گۆرستانی مردوەکانیشتان، چرکەیەك کارەبای لی نابرێ، بۆ لە بازاری رەشدا هەتا بلێی بەنزینو نەوتو گاز هەیە، بەلام تا دەگات بە بەشی خەلکی زیندوو ئیتر نە داهات هەیە نە سوتەمەنی نە ئاوو نە کارەبا؟!

وا دیارە ئەم تیرۆریستە ساختەچیانە دوای دابەشکردنو لێکجیاکردنەوەی بەشی خەلكو بەشی ئیوە، ئینجا زەفەر لە بەشی خەلك دەهینن‌و تەنها دەست لە بەشی خەلك دەوەشینن‌و تەنها بەشی خەلك ویران دەکەن! کەوایە دەبی دۆستایەتیەکیان لەگەل خۆتان هەبیت بۆیە دەست بۆ بەشی ئیوە نابەن!

## سەرکەوتن لە گرەوی چیدایە؟

### ***تاکتیكو شیوازی کارساز***

لایەنیکی بەرجەستەی ئەم خرۆشانە جەماوەریە، کە لەیەکەم سەرنجدا دەبینرێ، بریتیە لە دەربرینی رقو بیزاریەکی بەرینو گەورەی خەلك بەرامبەر دەسەلاتی ئەم حیزبانە. ئەم رقو تورەییە بە تەواوی بەرحەقەو ئەنجامی کەلەکەبوونی بیزاری چەند سالەی خەلکە لە گەندەلیو راورووتو خۆسەپاندنو فریوکاریو کۆنەپەرستی ئەم دەسەلاتە. بیزاری خەلك لە دەسەلاتی ئەم حیزبانەو قلشتی نیوان خەلكو دەسەلات بە جیگایەك گەیشتووە، خەلك لە دەرفەتیك دەگەرین بۆ ئەوەی تورەیی خۆیان دەربرن.

بۆیە بە هەر بۆنەیەکەوە بۆیان بکریت برژێنەمەیدان ئەم تورەییەی خۆیان دەردەبڕن. ئەحزابی دەسەلاتدار کە زۆر چاك ئەم راستیە دەزانن، دەیانەوێ لە ئاستی چاوبنوقینو ئەمە بە دەست تیوەردانی لایەنی ئاژاوەگێر نیشانی رای گشتی بدەن. بەم جۆرەش بەهانە بۆ سەرکوتی نارەزایەتیەکانو راونانو راپیچکردنی رابەرانو هەلسوراوانی ئەم نارەزایەتیانە، بتاشن.

بەلام سەرباری بەرحەق بوونی ئەم تورەییەی خەلك، پیویستە ئەم خرۆشانە جەماوەریە شیوەو تاکیتیکی دروستو کارسازی ئەوتۆ بگریتەبەر کە بتوانی بە سەرکەوتن بگاتو خواستو دەسکەوتی مەلموس بۆ جەماوەر بەدیبهینیت. دەبی توانای ئەم بزووتنەوەیەو هاوسەنگی هیزی نیوان خەلكو دەسەلات بە دروستی لیکبدریتەوە. راستە ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر سەرئەنجام نەتوانێ دەسەلاتی ئەم حیزبانە بگۆری بە دەسەلاتیکی مەدەنیو سکولارو پشتبەستوو بە ئیرادەی خەلك، ناتوانی ئالوگۆریکی ئەوتۆ لە ژیانی خەلك پیکبهینیت. بەلام ئەمە دەتوانی ئاکامو ئەنجامی رەوەندیك بیت کە لە ئیستادا بتوانی خەباتی جەماوەری لە پیناو چەند داخوازی دیاریکراوو مەلموسدا بەسەرکەوتن بگەیەنیت.

هەنگاوی لەم جۆرە جگە لە دەسکەوتە مادیەکانی بۆ خەلك، ئیرادەی خەلك دەبوژینیتەوە، ریزیان ریکخراوترو بەهیزتر دەکات، جیگاوریگای رابەران دەباتە سەرەوە...و سەرئەنجام هاوسەنگیەکە بە قازانجی خەلك دەگۆرێو بوار بۆ هەنگاوەکانی داهاتو خۆشتر دەکات. لەم بارەیەوە تەجروبەی مانگرتنی سەراسەری لە شاری سلیمانی، بە هەلسەنگاندنی دەرسەکانی ئەو تاکتیکەو خالە بەهیزو لاوازەکانیەوە، دەتوانێ ببیتە بنەمایەك بۆ گرتنەپیشی تاکتیكو شیوازی ئەوتۆ کە هەم خەلك بتوانن بە فراوانی بەشداری تیایدا بکەنو هەم بواری سەرکوت لە دەسەلات تەنگ بکاتەوە. بۆ نمونە بیرکردنەوەو کارکردن بۆ سازدانی مانگرتنیکی سەرتاسەری لە هەموو شارەکانی کوردستان لە دەوری چەند داخوازیەکی دیاریکراو.

### *سەراسەری کردنەوەی نارەزایەتیەکان*

خالیکی بەهیزی ئەم قۆناغە لە نارەزایەتی جەماوەری لە چاو پیشووتر، سەراسەری بوونو هاوئاهەنگیەتی لەروی خواستو شیوەکانیەوە. ئیستا لە چەندین شارو لە ئاستیکی بەریندا، جەماوەر هاوکات لە دەوری کۆمەلیك خواستی دیاریکراو دەستیان داوەتە خۆپیشاندان، ئەمە هیزو قورساییەکی زۆر گەوەری بە خەباتی خەلکداوەو دەسەلاتیشی خستوەتە جیگایەکی لاوازەوە. بۆیە ناتوانن بەوجۆرەی دیفاعیان لە سەرکوتی خەلکی هەلەبجەو کەلار کرد، دیفاعی راشکاو لە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەم بزووتنەوە فراوانە بکەن، ناچارن لە تاسلوجە بلین پاسەوانەکانی کارگەو لە چەمچەمال بلین پاسەوانی بەنزینخانە تەقەیان لە خەلك کردوە. مسعود بارزانیو جەلال تالەبانی ناچارن بلین خەلك حەقیەتیو داخوازیەکانیان رەوایەو ئیمە ئامادەین ئەگەر خەلك ئیمەی نەوێ خۆمان برۆینو... دوای ئەم رستانە ئینجا ئەگەرو بەلامو پاساوەکانیان دوپات بکەنەوە، ئەمە هاوسەنگیەکی تازەیە.

سەرنجیکی کورت لەم هاوسەنگیە تازەیەی کە پیکهاتووە، لە هەموو تەحلیلو لیکدانەوەیەك رۆشنتر ئەوە نیشاندەدات کە سەراسەری بوونەوە چ قورساییو هیزیکی زیاتر بە خەباتی جەماوەری دەدات، چۆن دەسەلاتو دەزگاکانی سەرکوتیان بە چۆك دەهینێو بەهانەکانیان بۆ بەئاژاوەگێر نیشاندانی خەلك سوكو ریسواو بێمایە دەکات. کەوایە دەبی ئەم رەوتی سەراسەریبونەوەیە پەرەبسێنێ تا بە تەواوی سەرتاسەری کوردستان دەگریتەوە. بە تایبەت بیزاریو لە هەمان کاتدا خامۆشی ناوچەکانی ژیردەسەلاتی پارتی، دووسەری ناکۆکی هاوکیشەیەکە کە دەبی تیکبچیت. خەلکی ئەو ناوچانەش لە پەیوەند بە گەندەلیو تالانی، لە پەیوەند بە کارەباو ئاوو سوتەمەنی، لە پەویەند بە ئازادیەوە... بەختیکی باشتر لە دانیشتوانی ناوچەکانی ژیردەسەلاتی یەکیتیان نیە.

### *بردنە سەری ئاستی ریکخراوبون*

مەسەلەیەکی تر ئاستی ریکخرابوونی ئەم نارەزایەتیەیە. لەم بارەیەوە دیسان هەنگاویکی گەورە بەرەوپیش هەلگیراوە، بە تایبەت ئەگەر لەگەل چەند مانگ یان یەکسال لەمەوبەر بەراوردی بکەین، ئەم هەنگاوە روو لەپیشە بەرجەستەتر دەبیت. قالبی ریکخراوەیی ئەم جولانەوەیە لە ئیستادا بریتیە لە شەبەیەکی فراوانی رابەرانو هەلسوراوان، کە هەم لەگەل یەك پەیوەندیو

هاوئاهەنگیان هەیە، هەم ئەم بزووتنەوەیە رابەریو ریکخراو دەکەن. هەر بۆیە دەسەلاتیش کاتیك دەیەوێ سەرکوتی بکات، بە لیشاو دەکەویتە گرتنو راپیچکردنی هەموو ئەوانەی گومانی ئەوەیان لیبکات کە لە رابەریکردنی ئەم حەرەکەتەدا دەوریان هەیە. بەلام ئەمە ئیتر کاریکی سادە نیە بۆ دەسەلات، لە پیشدا هەر دروست بەوهۆیەوە کە ئەم جولانەوەیە ئاستی ریکخراوبونی خۆی بردوەتە ئاستیکی بالاتر. ریکخراوبوون زامنی ئەوەیە لە هەر هەنگاویکدا، لە دەستپیکردنەوە تا کۆتایی، لە شیوازو تاکتیکەوە تا دروشمو داخوازیەکان، بەرەوتیکی دروستدا برواتە پیش. زامنی ئەوەیە جەماوەری خەلك وەکو جەستەیەکی یەکگرتوو بەهیز بەرامبەر دەسەلاتو سەرکوتی دەسەلات مەحکەم راوەستیو بەچۆکیدا بهێنێت. زامنی ئەوەیە فراوانترین هیزی جەماوەری بهینیتەمەیدان. زامنی ئەوەیە بە دەستگیرکردنی چەند رابەرو هەلسوراو حەرەکەتەکە دوچاری راوەستانو بنبەست نەبیت.

بەلام کاتیك ئەم هەنگاوە روو لە پیشە دەبینین، کاتیك بەرهەمەکانی ریکخرابوون دەبینین، دروست دەبی ئەوەی لیدەرکیشین کە پیویستە لەم رەوتەدا هەنگاوی تر هەلگرین. بەدیاریکراوی ئیستا ئیتر کاتی ئەوەیە وەکو مەسەلەیەکی میحوەری دەستبریت بۆ ریکخستنی جەماوەر لە ئاستی گەرەکدا. ئەم بزووتنەوەیە دەبی لە ئاستی شەبەکەیەکی سەراسەری رابەرانو هەلسوراوانەوە، بگاتە ئاستی ریکخستنی جەماوەر لە ئاستی گەرەکدا، لیرەشدا دەکرێ شەبەکەو مەحفەلی رابەرانو هەلسوراوانی گەرەك یەکەمین هەنگاوبیت. بەلام ئەمە زۆر حەیاتیە. چ بۆ بەرینکردنەوەو بەهیزکردنی جولانەوەکەو چ بۆ بردنەسەری ئامادەیی خەلك بە مەبەستی بەدەستەوەگرتنی کاروباری خۆیان لە ئاستی گەرەکدا. بۆ نمونە ئەگەر سبەی ئەم جولانەوەیە توانی ئەوە بسەپینێ کە نوینەرانی خەلك دابەشکردنی سوتەمەنی بەدەستەوە بگرن، بەبی ئاستیك لە ریکخراوبوون لەگەرەکدا ئەم کارە سەختە. لەمەش واوەتر ریکخراوبون لە ئاستی گەرەك بەردی بناغەی هەنگاوەکانی داهاتوی ئەم حەرەکەتەیە بۆ ئالوگۆریکی گەورەتر لە ژیانی خەلك کە دەکرێ بە تایبەتی قسەی لەسەر بکەین. ریکخستنی خەلك لە ئاستی گەرەکدا پیویستی بەوە نیە لە قالب بدریتو کلێشەی پیشوەختی بۆ داریژریت، بە هەر شیوەیەك کە بکریت دەستی خەلك بخریتە ناو دەستی یەکتر دەبی هەنگاوی بۆ هەلگیرێ.

ئەمە ئەرکی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریو ریکخراوەکانی حیزبو دەستەکانی داکۆکی لە خواستەکانی جەماوەرو هەموو هەلسوراوانو رابەرانی عەمەلی ئەم بزووتنەوەیەیە. وەکو رابەرانی ئەم جولانەوە جەماوەریە، ئەرکیانە بە وردیو بە نەخشەوە ئەم لایەنانە لیکبدەنەوەو ئەنجامگیری مەلوسی لیبکەن، دەکری لە ئاستی سەراسەریەوە تا ئاستی هەر شارو شارۆچکەو تا ئاستی هەر گەرەکیك لیژنەکانی سەرپەرشتیو رابەری ئەم جولانەوەیە سازمان بدرین، پەیوەندی فراوان لەگەل جەماوەر بگیریتو مال بە مالو کۆلان بە کۆلان خواستو شیوازو هەنگاوەکان بۆ جەماوەر روونبکریتەوە. لەم بارەیەوە پیویستە لە هەموو ئیمکانیکی راگەیاندن کەلك وەرگیریت. لە هەمانکاتدا ئەمە پرۆسەی شکلگرتنی رابەریەکی کارامەیە کە ئەم جولانەوەیە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو سەرکەوتن رابەری دەکات.

***خواستەکانو مانای سەرکەوتنی بزووتنەوەی نارەزایەتی***

ئەو خواستانەی کە هاندەری هاتنەمەیدانی جەماوەری خەلکە، بە ئەندازەی پیویست رۆشنو مەلوسن. کۆمەلیك گیروگرفتی واقعی گوشاریکی لەرادەبەدەری خستوەتە سەر خەلك، ئەم بزووتنەوەیە بۆ ئەوە شکلی گرتوە کە خەلك لە ژیر ئەو گوشارە گەورەیە دەربهینیتو چەند پیداویستی بنەرەتی ژیانی رۆژانەی خەلك دابین بکات. ئیتر پیویست نیە خواستو مەسەلەی دیکە بخزینریتە نیو ئەم داخوازیانەوە، نە تەنیا پیوست ناکات بەلکو هەلەیەو جولانەوەکە دوچاری هەلدێر دەکات. مانای سەرکەوتنی ئەم نارەزایەتیانە، بەسادەیی یانی ئەوەی کە ئاوو کارەباو سوتەمەنی بۆ خەلك مسۆگەر بکریت لەگەل ئەوەی کە خەلك مافی ئەوەی هەبیت لە پیناو ئامانجەکانی خۆیدا خۆی ریکخراوبکاتو هەرکات ویستی لە پیناو خواستەکانیدا نارەزایەتی دەربریتو دەسەلات نەتوانی سەرکوتی بکات. بەلام هیچ گومان لەوە نیە کە ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە لەم قۆناغەیدا بەم مانایە سەرکەویت، دەرگایەکی

گەورە بەروی پەرەسەندنو پیشرەوی خۆیدا دەکاتەوە لە پیناو هەلگیرانەوەی ئەو واقعە سیاسیو کۆمەلایەتیە کارەساتبارەی ئیستای کوردستان. بەم پێیە خواستەکان بریتین لە مانە. *

1/ دابینکردنی دەستبەجێی ئاوو کارەبا بە ئەندازەی پیویست بۆ هەموو دانیشتوان بە شیوەیەکی یەکسان. تەرخانکردنی بەشیکی کەم لەو داهاتو بودجەیەی کە خودی دەسەلاتداران دانیانپێیداناوە کە بە هۆی گەندەلی راووروتەوە بە تالان دەبریت، دەتوانی ئەم گرفتە بە باشی چارەسەر بکات. چ لە ریگای چاکسازی دەستبەجێ لە پرۆژەکانی ئاوو کارەباوە بیت، یان لە ریگای کرینی مولیدەو لیدانی بیری ئاوخواردنەوە بیت.

2/ دابینکردنی سوتەمەنی لە گازو بەنزینو نەوت بە ئەندازەی پیویست بۆ هەموو دانیشتوانو سپاردنی دابەشکردنی سوتەمەنی بە نوینەرانی خەلك لەگەرەکەکان. هیچ بەهانەیەك ناتوانی رۆژیك دواخستنی ئەم خواستە پاساو بدات. وولاتیك لەسەر دەریای نەوت راوەستاوە، لە بازاریکدا کە دەکرێ بە ملیونەها بەرمیل گازو نەوتو بەنزین بە نرخی بازاری رەش بکریت. لە کاتیکدا کە بۆ دەسەلاتدارانو بەرپرسانو دامو دەزگاکانی خۆیان هیچ بەرتەسکیەك لە ئارادا نیە، هۆی بیبەری بوونی خەلك لە سوتەمەنی تەنها گەندەلیو چاوچنوکیو تالانو برۆی دەسەلاتدارانە. دەبی لەمانە بەشی خەلكو پیداویستی خەلك دابینبکریت.

3/ ئازادی دەستبەجێو بیقەیدو شەرتی سەرجەم گیراوە سیاسیەکان، بە تایبەت ئەو سەدان کەسەی کە لە ماوەی ئەم چەند رۆژەدا بە تاوانی سازدانو رابەریکردنی خۆپیشاندانە جەماوەریەکان دەستگیرکراون. دادگاییکردنی ئەوانەی تەقەیان لە خەلكو خۆپیشاندانەکان کردوە، ئازادی خەلك بۆ هەلسورانی سیاسیو ریکخراوبوونو نارەزایەتی دەربرین.

دریژەدانو بەرینکردنەوەو سەرتاسەری کردنەوەی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە تاقە زامنی بەدەستهینانی ئەو خواستانەیە.

.................................................................

* پیویستە ئەوە روونبکەینەوە کە مامەلەکردن لەگەل خواستو تاکتیکەکانی ئەم نارەزایەتیە جەماوەریە، لە شاری کەرکوك تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و جیاوازە لە شارەکانی دیکە. لە شاری کەرکوکدا هیشتا بۆشاییەکی دەسەلات هەیە. خودی ئەوەی کە چەندین حیزبو لایەن تیایدا ئیدعای دەسەلاتو ممارسەی دەسەلات دەکەن، نیشانەی یەکلانەبونەوەی دەسەلاتو کەلینی گەورەی نیو ئۆرگانەکانی دەسەلاتە لەم شارەدا. ئەمەش دوو ئەنجامگیری لیدەکریت: یەکەمیان دەسەلاتیکی متمرکز نیە لەم شارەدا کە بکرێ خەلك چاوەروانی ئەوەی لیبکات وەلامی داخوازیەکانی بداتەوە، دووەمیان ئەم بۆشاییە بوار دەدات بە خەلك بۆ بەگەرخستنی ئیرادەی خۆیان لە بەدەستەوەگرتنی کاروباری خۆیاندا. بۆیە لە ئاستی ئەم شارەدا رابەرانو هەلسوراوانی بزووتنەوەی جەماوەری دەبی هەم خواستی ئەوەیان هەبیت کە لە بەریوەبردنی شارو دابەشکردنی سوتەمەنیو ئاوو کارەباو خەرجی بودجەی شاردا بەشداریو دەخالەتی راستەوخۆیان هەبیت، هەم بە کردەوە خۆیان بۆ گرتنەدەستی کاریکی لەم بابەتە ئامادە بکەن.